# ئافرەت زیاتر نهێنی دەپارێزێ یان پیاو؟



ئەو زۆر بە حەسرەتەوە کەوتە باسکردنی ئەو بابەتە لە کاتی قسەکردنیدا خەم و خەفەتێکی زۆر لە سیمای بەدی دەکرا، (ژیلا) نموونەی یەك لەو ئافرەتانەیە کە تەنها درکاندنی نهێنییەك تەواوی ژیان و چارەنووسی گۆڕی ئەو گوتی:وامدەزانی لە دایکم و خوشکەکانم لێم نزیك ترە بۆیە جێگەی متمانەو رازەکانم بوو وردودرشتی نهێنییەکانی خۆم بۆ باس دەکرد، بەڵام نەمزانی هاوڕێیەکی ناپاك دەردەچێ و لە پشتەوە خەنجەری ژەهراوی دەوەشێنێ، بەداخەوە ئەو کچە هاوڕێیەم نەك تەنها بووە هۆکاری دابڕانی من و خۆشەویستەکەم بەڵکە ئاشکرا کردنی ئەو پەیوەندییە لای یەك لە براکانم بەس بوو تا هەتایە ژیانێکی پڕ لە لە چەوساندنەوەو ناسۆر بەسەربەرم، هەر بۆیە (ژیلا) ئەمڕۆ لە ژێر کاریگەری ئەو ئەزموونە تاڵەی هاوڕێیەتی و بێ متمانەیی پێی وایە هیچ کەسێك شایانی ئەوە نییە رازو نهێنییەکانی دڵتی بۆ باس بکەی و دواجار دەڵێت: کە قسە کەوتە زارێکی دەکەوێتە شارێکی.

لە راپرسییەکدا کە سەبارەت بە هۆکارەکانی درکاندنی نهێنی ئەنجام درابوو دەرکەوتووە کە چەند فاکتەرێك هەن رادەی پارێزگاری کردنی مرۆڤ لە نهێنییەکان دەردەخەن لەوانە، تەمەن و ئەزموونی مرۆڤ و باری دەروونی و سروشتی کەسایەتی تاکەکان.

هەر لەو راپرسییە کە کۆمەڵە مامۆستایەکی زانکۆ لە وڵاتی میسر ئەنجامیان داوە پرسیاری ئەوە کراوە ئایا پیاو یان ئافرەت زیاتر توانای پاراستنی نهێنییان هەیە؟ زۆرینەی وەڵامی بەشداربووان جەختیان لەسەر ئەوە کردووە بەشێوەیەکی گشتی ئافرەتان لاوازترن لەم رووەوە، هەروەها باسیش لەوە کراوە زۆرجار مرۆڤ وەك پەرچەکردار یان تۆڵە سەندنەوە لە بەرامبەرەکەی، نهێنییەکانی ئاشکرا دەکات..

**-(نیان مەحمود) پێی وایە مرۆڤ بە پاراستنی نهێنی دەتوانێ متمانە لە ناو دۆست و ناساوانی دروست بکات و هیچ کات جێی گومانی خەڵك نابێ،بۆیە دەڵێت:** هەر کەسێك کە خۆشی نەوێیت یان باوەڕت پێنەکات ناتوانێ نهێنی خۆیت بۆ باس بکات، بەڵام بەداخەوە زۆربەی ئەو کەسانەی کە نهێنی دەدرکێنن دواتر پەشیمانن، هۆی ئەو پەشیمانییەش دەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتی ئەو کەسەی کە نهێنییەکەی لا باس کراوەو لە ئەنجامیش دا درکاندوویەتی ، **(نیان)گوتیشی:** بەراستی ئەوە کارێکی باش نییە، چونکە بە درکاندنی نهێنییەك لەوانەیە کارەسات یان لە دەست دانی متمانە بۆ ئەو کەسە دروست ببێت کە خاوەن نهێنییەکە، بۆ ئەوەی نهێنیش دەدرکێنێ دەبێتە کەسێکی زمان شڕ و بێ متمانە لەناو دەورووبەرەکەی.

**-بەبۆچوونی خاتوو (نەخشین تەیفوور)یش نهێنی پاراستن واتای جوانی و بەڕێزی کەسایەتی مرۆڤە بۆیە دەڵێت:**
نموونەم هەیە لەوەی کە درکاندنی نهێنی بۆتە ئاژاوەیەك کە

ئا: بێگەرد حوسێن

**دەروونناسێک: هەندێ جار ئەو کەسەی نهێنی خەڵک ئاشکرا دەکات واهەست دەکا هەناوی لە گرێیەکی گەورە خاڵی کردۆتەوە**

چەندین کەس تووشـــی شەڕوو ئاژاوە بوونە و لە ئەنجامیشدا شـــەڕی لێکەوتۆتەوە و لایەنێکی شەڕەکەش تووشی زەرەری گیانی بوونە و ئەو کەســـەی نهێنییەکەشی درکاندووە وەکو بەرزەکـــی بانان بـــۆی دەرچووە، **(نەخشـــین) گوتی:** زۆر کەس بە هێشـــتنەوەی قســـە لە دڵ و هەناویـــدا وا دەزانێ بارێکی قورســـی لەســـەر شـــانە و وادەزانێ نهێنی ئاشکرا کـــردن و ریســـواکردنی خەڵك یان دۆســـتەکانی هۆکارێکە بۆ خاڵیکردنەوەی دەروونی **هەروەها گوتیشـــی:** زۆرجار لە بەینی کچ و زاواکانم نێوبژیوانیـــم کردووە کە هەرایان بووە، دواتر زانیومە لەسەر قسەی یەکێك بەشەڕ هاتوون کە لەسەر قســـەیەکی بچووك وەکو نهێنی لای یەکێك باسی کردووە و دواتر مێردەکەی زانیویەتی، ئەوەبوو ماوەی شـــەش مانگ کچێکم تۆرا لەســـەر هەندێ قسە کە خوشکی هاوسەرەکەی گیرابوویەوە، بۆیە ناتوانم بڵێم ئافرەت زیاتر نهێنی دەپارێزی لەلای من جیاوازی نیە بەداخەوە نهێنی ئاشـــکرا کرد لای هەندێ کەس بووەتە خوو پێوە گرتن.

**- خاتوو (سەمیعە عەبدوڵا )ش سەبارەت بە باسەکەمان دەڵێت:**
من یەکێکم تۆبـــەم کردووە لە درکاندنی نهێنی نا توانم لای کەس باسی شتە تایبەتییەکانی خۆم بکەم، چونکە لە دوای درکاندنـــی هەر نهێنییەك پەشـــیمانییەك دێتە ئاراوە ئەوەش بۆ بێ متمانەیی خەڵك و لاوازبوونی خۆشەویســـتی لەنێوان خەڵکی دەگەڕێنمەوە، **(سەمیعە) گوتی:** زۆرجار بینیوومە کە بەهۆی درکاندنی نهێنییەوە ژنان لە ناو خۆیاندا بەشـــەڕ هاتوون چەندان جـــار ژن تەڵاق دراوەو یان کوژراوە، ئەوەی ئیستا بەزەقی هەستی پێدەکرێت چینی لاوانە تا لە یەکتری نزیـــك دەبنەوەو دەبنە هاوڕێ چەندین هەوڵ دەدەن، بەڵام کە نهێنییەکی یەکتریان وەدەســـت کەوت ئەوە بە زوترین کات لە یەکتری لە هەڵا دەدان.

**- بە بووچوونی (لاوەنـــد رەمزی) قوتابی، نهێنی هەڵگرتن کارێکـــی مرۆڤانەیە،چونکە مرۆڤ لە کاتـــی خەم و دڵە راوکێیدا لای ئازیزان باســـی دەکات جا پاراستنیشی گرنگە بۆیە دەڵێت:** زیاتر نهێنی ئاشکرا کردن لای ئەو کوڕانە دەبینم کە هەمیشـــە بە دوای کچاندا وێڵن و دڵیان کردۆتە لانەی دڵی چەندیـــن کچی داماو کـــە بێ ئاگان لـــەوەی ئەو کوڕانە بە درۆی رەنگاڵەیی کچان لە خشتە دەبەن و هەر ئەوەندە لایان خۆشە تا نهێنی دەکەوێتە ژێر دەســـتیان، ئەو کاتە لای کوڕانی هاوڕێیانەوە باسی دەکەن، بۆیە هەمیشە کچان لـــە درکاندنی نهێنی پەشـــیمانن، لاوەند گوتی: من خاوەنی قسەی خۆمم و



سوریشم لە سەر ئەوەی کە کوڕان زیاتر نهێنی ئاشکرا دەکەن و کچان تووشـــی گرفت دەکەن، **(لاوەنـــد)** لەوەڵامی دواین پرســـیارمان گوتیشی: من ئامادەم لە پێناو پاراستنی نهێنی بمرم بەڵام خەڵك تووشی گرفت نەکەم.

**بەدەست خۆم نییە زمانم راناوەستێ و ناتوانم نهێنی نەدرکێنم، هەر ئەوەشە وا دەکات کەس نهێنیم لا باس ناکات**

**- (محەمەد) لەگەڵ درکاندنی ئەو چەند قســـەیەی سەرەوە دەشـــڵێت:** ناتوانم دڵم بکەمە هەگبەی قسەی هیچ کەسێك ئەوەی بیشـــیزانم دەیدرکێنم نازانم نهێنی چییەو شتی دیکە چییە، حەزم لە قســـەی نهێنی نییە و حـــەز دەکەم هەموو شـــتەکانی ژیانم روون و ئاشـــکرا بن، ئەو کەسەی هەڵیشی بژێرم بۆ هاوســـەری ژیانم دەبێ وەکو خۆم بێت، **(محەمەد) باســـی لەوەش کرد:** تا ئێستا کەسم تووشی گرفت نەکردووە ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە پێشتر باسم کرد نەهەگبەی کەســـم و نەکەســـیش با هەگبەی نهێنییەکانی من بێ، ئەو کەسانەی کە تووشی گرفت دەبن زیاترینیان لەسەر دۆست و کەســـانی نزیك لە خۆیانن، چونکە مرۆڤی دڵ پاك سیقە بە هەموو کەســـێك دەکات بۆ خاڵی کردنەوەی هەندێ شت کە لە دڵیدایە پەنا بۆ کەســـانێکی دیکە دەبات نازانێ ئەوانیش تووشی گرفتی دەکەن.

**- مامۆستا مەلا (جەبار رەشـــۆ) دەڵێت:**لە ئایینی پیرۆزی ئیســـلامدا هاتووە کە نابێ خەڵك هەڵبستێ کێشەو و ئاژاوە بۆ برایەکی موســـوڵمانی خۆی دروست بکات یان کە نهێنی کەسێکی لابوو بچێت بیدرکێنێ، ئەو کەسانەی نهێنی خەڵك ناپارێزن خۆشەویستی خوای گەورەنین، بەڵکو مرۆڤ دەبێت هەمووکات یارمەتی دەری خەڵك بێت و شـــەریکی خۆشی و ناخۆشـــییان بێت، ئەگەر کەسێك بەدرکاندنی نهێنی ئاژاوە دروســـت بکات و لە دواوەش پێیـــان پێبکەنێ بێگومان بڕواو ئیمانی لاوازە، **مامۆســـتا مەلا (جەبار ) ئەوەشی گوت:** لە ئایینی پیرۆزی ئیســـلامدا هیچ کات لایەنگری لە کەسی درۆزن و دەم شـــڕ ناکـــرێ و، ئایینی پیرۆزی ئیســـلام ئەو کەسانەی خۆشـــدەوێت کە هەمیشە نهێنی خەڵك دەپارێزن و گرفت بۆ خەڵکی دروست ناکەن.

- دواجار (دەریا رۆســـتەم) ی دەروونناســـاس دەڵێت: هەموو مرۆڤێك قســـەو کـــرداری وەهای هەیە کـــە دەچێتە قالبی نهێنییەوە ئـــەو نهێنییەش دەکرێت لای هاوڕێ و دۆســـتی خۆی بیدرکێنێ، بەڵام هەموو کەســـێك شـــیاوی ئەوە نییە بیـــرو رای خۆت یان نهێنی دڵی خۆتی بـــۆ بەیان بکەیت، ئەو کەسانەی کە هەموو کات پارێزگاری لە نهێنی خەڵکی دەکەن مرۆڤی راســـتگۆو پاکن، دەریا گوتیشی: لە چەندین لایەنی دیکەشـــەوە دەتوانین باس لەو کەسانە بکەین، زۆرجار مرۆڤ لە منداڵییەوە تەماشـــای هەڵسوکەوتی دایك و باوك دەکات یان پەروەردەی دایك و خێزانەکانیش بە گشتی دەتوانن رۆڵ ببینن لە دروست بوونی ئەو جۆرە مرۆڤانە کەهیچ کات خەڵکیان لا گرنگ نییە نەکو نهێنی کەسانی دەورووبەریان، وەکو باسیشمان کرد زۆر کەس ناتوانن دڵ و دەروونیان لانەی خەڵکـــی دیکە بێت و بە درکاندنـــی نهێنی وا دەزانن خۆیان خاڵی کردۆتەوە لە زۆر گەردی ئەو رۆژگارە، دواجار (دەریا ) باســـی لەوەش کرد کە مرۆڤی لەو چەشـــنە هیچ کات نابێ جێگەی متمانەو باوەڕی دەورووبەر بێ.

**مەلایەک: ئەوانەی پارێزگاری لە نهێنییەکانی خەڵک ناکەن دوژمنی خودان و ئیمانیان لاوازە**

# ئەلوەند چیرۆکی ئەو کچەی لە پێناوی خۆشەویستەکەی دووجار هەوڵی خۆکوشتنی دا



**هەموو مرۆڤەکان لەژیانیاندا هەوڵدەدەن سەرجەم کاتەکانی ژیانیان بۆ خۆشبەختی کەسێك تەرخان بکەن بەتایبەتی لەنێوان دوو خۆشەویستدا ئەمە زۆر بەدیار دەکەوێت، زۆرجار ئەم حاڵەتەش بەیەکسانی روونادات و یەکێك لەو دوولایەنە بەدەر دەبن لەو خۆشەویستییەی کەلەنێوانیاندا هەیە جا بەهەر بیانەویەك بێت.**

-(ئەلوەند) یەکێکە لەو کچانەی کەبەهۆی چاوەڕوانی کردنی (دیار)ەوە درەنگ پرۆسەی هاوسەرگیری پێکهێنا.

ئەلوەند لەکاتی باسکردنی کێشەکەیدا زوو زوو خەیاڵی دەرۆیشت و دواتر دەیوت دەگەرێمەوە بۆ ئەو ساتە ناخۆشانەی کە ئەو رووداوانەی تیا رووداوە چونکە ئەوانە بوون ژیانی منیان تاڵ کرد. لەبەردەوامی قسەکانیدا (ئەلوەند) ووتی:من و دیار کوڕی پوری یەکترین بەڵام ئێمە لەگەڵ ماڵی پورمدا نێوانمان زۆرباش نەبوو ئەویش بەهۆی باوکی هەردوولامانەوە بوو، بەردەوام رقیان لەیەکتر دەبۆوە بەڵام من و دیار هەرزوو یەکترمان قبوڵ کردو بەڵێنی خۆشەویستی و هاوسەرگیریمان بەیەکتردا، بەهۆی ئەو کێشەیەی کە هەمان بوو لەنێوان ئێمەو ئەواندا زۆرجار رێدەکەوت بۆماوەیەکی زۆر یەکتر نەبینین تەنها لەرێگەی تەلەفۆنەوە هەواڵی یەکترمان دەپرسی.

قەدەر وارێککەوت بەهۆی رووداوێکی ئۆتۆمبیلەوە (دیار) قاچێکی لەدەست بدات و کەم ئەندام بێت، من بەبیستنی ئەم هەواڵە یەکجار خەمبار بووم و نەشمدەتوانی سەردانی بکەم چونکە ماڵەوەمان رێگەیان پێنەدەدام، هەرچەندە ماڵەوەمان نەیاندەزانی کە پەیوەندی خۆشەویستی لەنێوانماندا هەیە، منیش هەرگیز ئامادەنەبووم ئەو نهێنییە بدرکێنم بەڵام خۆشەویستی (دیار) وای لێکردم کە بەدزی ماڵەوە بچم سەردانی بکەم و لەنزیکەوە هەواڵی بپرسم بێگومان ئەمەش بووە مایەی سەرسوڕمانی خێزانی هەردوولامان.ئیتر لەمەوە هەردووکمان راستییەکەمان بە ماڵەوەمان ووت بۆئەوەی چیتر رێگرنەبن لەبینینی یەکتر.

بەهۆی رووداوەکەوە کاتێك کە قاچێکی لەدەستدا پزیشکەکان پێیانووت دەبێت نەشتەگەرییەکت بۆبکرێت بەڵام بەداخەوە نەشتەرگەریەکەی سەرکەوتوو نەبوو بۆئەم مەبەستە ناچاربوو بچێتە دەرەوەی وڵات هەرچەندە دیار ئەو توانا ئابورییەی نەبوو کە بچێتە دەرەوە بەهەمان شێوەش خێزانەکەی دەست کورت بوون بۆیە من بەڵێنمدا کە هاوکاری بکەم لەرێگەی ئەو داهاتەی کە دەستم دەکەوت چونکە من کاری دروومانیم دەکردو وەزعی ئابووریم تاڕادەیەك باش بوو بەهەمان شێوەش خێزانەکەم ئاستی ئابووریان بەرز بوو پێویستیان بە هاوکاری من نەبوو، منیش سەرجەم داهاتەکەم بۆ خۆم کۆدەکردەوە. دوای ئەوەی دیار مامەڵەی سەفەرکردنی تەواو کردو بەڵێنیدا ئەگەر بە قەرزیش بێت هەر بچێتە دەرەوە لەبەرئەوە ناچار بوو بۆ چارەسەرکردنی قاچی سەفەر بکات. (دیار) پێیووتم ئەگەر تۆ راست دەکەیت و منت خۆش دەوێت دەبێت هاوکاریم بکەیت من بێئەوەی ئەو پێم بڵێت من ئامادەبووم هەمو داهاتەکەمی بدەمێ بۆ ئەوەی چارەسەری خۆی پێبکات، کاتێکیش ئەو داوای لێکردم منیش بەبێ دوو دڵی هەموویم پێبەخشی.

ئا: ناسك سەعید/ سلێمانی

**لە پێناوی (دیار) خۆم سووتاند کەچی پاشان پێم رازی نەبوو گوتی: جەستەت شێواوەو ناشرین بوویتە!!**

## سەفەرکردنی (دیار) بۆ دەرەوەی وڵات

لەگەڵ سەفەرکردنی بۆ دەرەوەی وڵات، (دیار) تەواو منی لەبیر کرد بەداخەوە هەرگیز چاوەڕێی ئەوەم لێنەدەکرد چونکە ئەو خۆشەویستییەی لەنێوانماندا هەبوو ئەمەی لێ چاوەڕوان نەدەکرا. من هەرچیم هەبوو بەخشیمە (دیار) بۆئەوەی چارەسەری نەخۆشیەکەی پێبکات بەڵام بەداخەوە وادەرنەچوو. من لەگەڵ ماڵەوەماندا کەوتمە ناخۆشی ودژایەتی هەمیشە پێیان دەوتم تۆ بۆچی زەواج ناکەیت ئەوەتا پورزاکەی خۆتە درۆی لەگەڵ کردی ئیتر بەتەمای چی تریت لە ئەو، ئەم قسانە تەواو راست بوون بەڵام نەشمدەتوانی ئەو راستیە بڵێم. من نەمدەتوانی واز لە (دیار) بهێنم بۆیە بەهەرشێوەیەك بوو هەوڵمدا ئەدرەسی لەماڵەوەیان وەربگرم وپەیوەندی پێوە بکەم، لەکاتی یەکەم قسەکردنم لەگەڵیدا کە وتم (ئەلوەند)م تەلەفۆنەکەی داخستە بەسەرمدا منیش دووبارە بۆم کردەوە بەڵام بێ سوود بوو چونکە وەڵامی نەدەدامەوە، ئەم هەڵوێستەی (دیار) وای لێکردم کە دوو جار هەوڵی خۆکوشتن بدەم بەڵام دایکم و خوشکەکەم نەیانهێشت،چونکە هەرگیز وا بیرمنەدەکردەوە کە (دیار) ئاوا دەگۆڕێت.

دوای ئەو پەیوەندییە بۆ چەندین جاری تر پەیوەندیم بە (دیار)ەوە کرد تا جارێك وەڵامی دامەوە، کاتێك کە پێم ووت بۆچی وەڵام نادەیتەوە لەوەڵامدا وتی من ناتوانم هیچ شتێك بۆ تۆ بکەم و راتکێشم بۆ ئێرە، ئەم قسانەی تەواو بێ ئومێدیان کردم.



### چاوەڕوانی (ئەلوەند)

لەدوای ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییە، ئیتر توانیم بەهەرشێوەیەك بێت پەیوەندی لەگەڵ (دیار)دا دروست بکەمەوە و جارێکی تر ئەو خۆشەویستییەمان دروست بێتەوە، هەر لەوکاتەدا کوڕە پورێکی ترم کە خوشکەزای باوکم بوو داوای کردم و زۆر پێیدادەگرت بۆ زەواج کردنمان بەڵام من هەرگیز رازی نەبووم بەو زەواجە لەگەڵ ئەوەشدا بەهەمان شێوەش باوکم زۆری پێ خۆش بوو تا کارگەیشتە ئەوەی کە باوکم توندترین توندوتیژی لەبەرامبەرمدا بکات و بە زۆر بمدات بەو کوڕە پورەم، بەڕاستی منیش هیچ چارەم نەماو بڕیارمدا کە خۆم بسوتێنم تالەو ژیانە رزگارم بێت، باوکم پێیدەوتم هەرچیەك بکەیت هەردەبێت شوی پێبکەیت، منیش ئەمەم بۆ (دیار) گێڕایەوە ئەویش پێی وتم کە هەرگیز رازی نەبیت و هەوڵبدە باوکت لەو بڕیارە پەشیمان بکەیتەوە، بەڵام هەموو ئەم قسانە بێ سوود بوون چونکە باوکم هەردەیووت دەبێت شوی پێبکەی.

**زۆر یارمەتیم دا تا گەیشتە هەندەران، بەڵام لەوێ منی لە بیرکرد**

### پرۆسەی هاوسەرگیرییەکە

دوابەدوای ئەوەی کە کوڕی پورم داوای کردم من هیچ چارەیەکەم نەما و بەڵێنم دا کە خۆم بسوتێنم،ئەوە بوو لەو رۆژەدا کە میوانەکان هاتبوون بۆ ئاهەنگی مارەکردنمان من لەو رۆژەدا خۆم سوتاند بەڵام زوو فریام کەوتن و منیان کوژاندەوە بەڵام تائێستاش بەدەست ئەو ئازارەوە دەناڵێنم، بەهۆی خۆسوتاندنمەوە باوکم پەشیمان بۆوە و پرۆسەی هاوسەرگیرییەکەمان ئەنجام نەدا، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی شوێنی جەستەم شوێنەواری سوتانەکەی پێوە دیارە ئەمەش لە رووی دەرونییەوە گەورەترین کاریگەری خراپی لەسەر دەروونم بەجێهێشت.

### گەڕانەوەی (دیار) لەدەرەوەی وڵات

لەکاتی گەڕانەوەی (دیار)دا هیچ کام لەئەندامانی خێزانەکەمان ئامادەنەبوون لەبەخێرهێنانەوەی (دیار)دا بگرە زۆریشیان پێناخۆش بوو،دەیانوت بۆچی شو بە (دیار)دەکەیت لەکاتێکدا کە کەم ئەندامەو ئاستی ئابووریشی زۆر باش نیە چونکە دیار نەیتوانیبو کار زۆر بکات لەبەرئەوەی باری تەندروستی هیچ باش نەبووە، بەڵام من بەهەموو شێوەیەك هەر رازی بووم پێی و خۆشمدەویست.

لەدوای مانگێك لەگەڕانەوەی (دیار) بەڵێنی پرۆسەی هاوسەرگیریماندا، لەکاتی ئاهەنگەکەماندا هیچ کام لەخێزانەکەمان ئامادەنەبوون و تەنانەت پیرۆزباییشیان لێنەکردم، من گرنگیم نەدەدا بەو حاڵە گرنگ ئەوەبوو کە من و دیار بەیەك بگەین، لەدوای ئاهەنگی گواستنەوەمان دوای دوو هەفتە و چوونە ناو ماڵی خۆمان دیار بە روخسارییەوە تەواو دەرکەوت کە پەشیمانە لەم پرۆسەیە چونکە تادواجار ئەوەی درکاند کە نەیزانیوە جەستەم بەو شێوەیە شێواوە، من هەوڵمدا کە هەوڵێك بدەین بۆئەوەی بۆ جوانکاری پێست بچمە دەرەوەی وڵات بەڵام دیار هیچ ئامادەییەکی تیا نەبوو کارئاسانیم بۆ بکات هەرچەندە من بۆ ئەو هەرچی پارەم هەبوو بەبێ رەزامەندی ماڵەوە هەموویم پێبەخشی لەکاتێکدا کە هاوسەریش نەبووین کەچی بەداخەوە دیار بەو شێوەیە نەبوو بۆیە ئەم هەڵوێستەی دیار تەواو بێزاری کردم لەژیان و پێمخوش بوو ئەو کاتەی کەلەسەر ئەو خۆم سوتاند کۆتایی بەژیانم بهاتبا بەڵام ئەو قسەیەم لێنەبیستایە.

دوای مانەوەی بۆ دوو مانگ لە کوردستان دیار بڕیاری گەڕانەوەی دا بۆ دەرەوەی وڵات و منی بە تەنها لەماڵێکی چۆڵدا بەجێهێشت و دنیایەك خەفەت و ناخۆشی کردە میوانی هەمیشەیم جگە لەو قسە ناخۆشانەی کە ماڵەوەمان پێم دەڵێن لەسەر دیار، ئێستاش کەلەدەرەوەی وڵاتە زۆر بە کەمی تەلەفۆنم بۆ دەکات و هەرگیز هەوڵیشی نەداوە کە کارێك بۆ من بکات تا بچمە دەرەوەی وڵات، لەکاتێکدا کە دوو ساڵە بەجێیهێشتووم گەیشتومەتە ئەو بڕیارەی کە بەتەواوی لەیەکتر جیاببینەوە چونکە زۆرجار دیار ئەو بڕیارەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێمدەڵێت بەڵام هەر دڵنەوایی خۆم دەدەمەوە، من ناتوانم جارێکی تر بچمەوە ماڵی باوکم، لەکاتێکدا کە بیستیان ئەو بڕە پارە زۆرەم داوە بە دیار تەواو تووڕە بون لەو کارەم بەتایبەتی کاتێك کە هەڵوێستی دیاریان بۆ دەرکەوت کە چەندە بێ وەفابوو بەرامبەر بە من، من هەموو ژیانی خۆمم لەسەر ئەو دانا و ئەو هەموو ساڵەش چاوەڕێم کرد ئەویش ئێستا بەم شێوەیە پاداشتم دەداتەوە.



# هەڵەی مێردەکەی روقیە بەتەڵاقدان دەدات و دواتر دەکوژرێ؟

ئا: گەرمیانی - موسڵ

■ هیـــچ مرۆڤێك لە هەڵە بەدەر نییە، و ناتوانێ هەڵـــە نەكات، چونكە هزرو ئاوەزی مرۆڤ هەمـوو كاتێك وەك یەك كار ناكات و ئەكتیڤ نییە بۆیە هەندێ جار مرۆڤەكان دەكەونە نێو هەڵەی زەقەوە، كە زۆر كەرەت ئاكامی هەڵەكان بەكارەسات كۆتایی دێت، بەتایبەتی ئافرەتان لە ژیانیاندا زۆر كەرەت تووشـــی هەڵە دەبن، هەروەها پیاوەكانیش بە هەمان چەشن، بەڵام لەم جڤاكە خێڵەكی و دواكەوتووەی ئێرەدا كە سیســـتەمی پاتریاركی و هەژموونی باوكسالاری باڵادەستە و هەیمەنەتی پیاو لە هەموو بوارەكانی ژیاندا خۆی رەپێش خســـتووە پیاوەكان گەر هەڵەش بكەن باجەكەی زۆر ســـوكترە تا ئەوەی ئافرەتێكی بەســـتەزمانی"زەعیفە" لە دیدی كۆمەڵگادا هەڵەیەك بكات ئیتر رۆژی حەشـــر دروســـت دەبێ و قیامەت هەڵدەستێ. وەك بەســـەرهاتی ئەو ژنەی ناوی"روقیە"یە كە بەهۆی هەڵەیەكەوە مێردەكەی بەو پەڕی دڵڕەقییەوە تەڵاقی دا و دواتر كە زانی ژنەكەی هیچ گوناهێكی نەبووە پەشـــیمان بووەوە لە تەڵاقدانی، جا بۆ ئەوەی جارێكی تر روقیە بگەڕێنێتەوە ژێر نیكاحی خۆی، دەبوایە ئەو ژنە مێرد بە پیاوێكی تر بكاتەوە، ئەوەبوو روقیە بە ناچاری بۆ جاری دووەم هاوســـەرێكی تری هەڵبژارد تاكو دواتر تەڵاقی بدات ئینجا دووبارە مێرد بە پیاوی یەكەمی بكاتەوە، بەڵام هاوسەری دووەمی روقیە ئامادە نەبوو تەڵاقی بدات بۆیە گەورەترین كارەساتی لێكەوتەوە.■

## روقیە و عەزیز.... هاوسەرگیرییەکی بە ڕێکەوت

فەلاحی باوکی روقیە چونکە بە منداڵی واتە هەر لە تەمەنێکی زووی هەرزەکارییەوە ژنی هێنابوو بۆیە نێوان تەمەنی خۆی و منداڵەکانی ئەوەندە نەبوو چونکە مام فەلاح ساتێ ژنی هێنابوو تەمەنی ١٧سال بوو.. ئەوە بوو دوای ساڵێك کچێکیان بوو ناویان لێنا"روقیە" کە ئەم کچە نۆبەرەیە بە تەنیا١٨ساڵ لە باوکی منداڵتر بوو، پیشەی مام فەلاح ئاژەڵداری و شوانیەتی بوو، کە ئەوکات لە یەکێك لە شارۆچکەکانی دەورووبەری موسڵدا نیشتەجێ بوون، رۆژێکیان فەلاح لە ساتی لەوەڕاندنی مەڕەکانیدا لەگەڵ یەکێك لە شوانەکانی برادەر و هاوپیشەی خۆی گرەو لەسەر شتێك دەکەن، گەر هەر لایەکیان بدۆڕێن دەبێ داخوازی بەرامبەرەکەیان جێبەجێ بکەن، ئەوەبوو لەم گرەوە مایەپوچەدا فەلاح دۆڕاندی، بۆیە بەناچاری داوای شوانەکەی برادەری کە ناوی"عەزیز" بوو قەبووڵ کرد، ئەو داوایەش ئەوە بوو گەر روقیەی کچی گەورە بوو بیدات بە ئەم، ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە عەزیز ئەودەم تەمەنی ١٩ساڵ بوو بۆیە مام فەلاح بەڵێنی پێدا گەر کچەکەی گەورە بوو بیدات بە عەزیز بەڵام بە مەرجێك بە دیارییەوە دابنیشێ و ژنی تر نەهێنێ، ئەوەبوو پاش شازدە ساڵ کە عەزیز تەمەنی بووە"٣٥"ساڵان و روقیەش بووە شازدە ساڵ هەرچەندە ئەم کچە لە تەمەندا بچووك بوو بەڵام لە قیافە و هەیکەلدا لە کچێکی پێگەیشتوی تەواو دەچوو، سەرباری ئەمەش تا بڵێی کچێکی جوان و خوێن شیرین بوو، فەلاحی باوکی خەفەتێکی زۆری لێ دەخوارد کە چۆن لە ساتی خۆیدا ئەوکارە منداڵکارانەی کرد و ئەو کچە جوانەی خۆی بە بەلاش بە عەزیز دۆڕاندووە هەر وەك باسمان کرد روقیە هێشتا شازدە ساڵی تەواو نەکردبوو عەزیز و بنەماڵەکەی هاتنە پێشەوە و پەلەیان کرد لە وەی مارەیی روقیە ببڕن، بەڵام روقیەی تازە کچی نەوبەهار بە هیچ شێوەیەك رازی نەبوو بدرێت بەو پیاوەی کە دوو تەمەنی ئەوی هەبوو، بەڵکو هەردەم لە باوکی دەپاڕایەوە و دەگریا کە ئەو ناتوانێ لەگەڵ پیاوێکی وا ناشیرین و ناحەزدا زەواج بکات... فەلاحی باوکیشی دەیگووت کچەکەم قەیدیناکە قسەی باوکت مەشکێنە و شووی پێبکە چونکە من بەڵێنم داوە لەکاتی خۆیدا، بەڵام روقیەی داماویش بە چاوی پڕ لە گریانەوە دەیگوت، ئاخر باوکە خودا قەبووڵ ناکات بۆ بەڵێنێکی چەند ساڵ لەمەوبەری خۆت، ژیانی من دەکەیتە دۆزەخ ئەو پیاوە تەمەنی لە تۆ زیاترە کەس ئامادە نییە ژنی پێبدات و بە پیاوی بزانێ، خۆ منیش قیر وسیایی نیم ژیان لەگەڵ وەها کەسێکدا بەرمە سەر، کە نەخۆشم دەوێت و نە دڵم تۆزقاڵێك بە هاوسەرگیری لەگەڵ ئەودا خۆش دەبێ.

بەڵام هیچێك لەم قسانە و پاڕانەوەکانی روقیە دادی ئەوی نەدا بۆیە بە ناچاری لەو تەمەنە بچووکەدا مێردی بە عەزیز کرد بەڵام بە هیچ شێوەیەك بەختەوەر نەبوو لەگەڵ ئەو پیاوەدا عەزیزیش زۆر دڵی لێ پیس بوو زۆریش خراپ بوو بەرامبەری و هەموو کات ئەزیەتی دەروونی ئەو ژنەی دەدا.

## ئەو هەڵەیە چی بوو کە روقیە کردی؟

دوای سێ ساڵ لە مێردکردنی روقیە، عەزیزی مێردی زۆر حەزی لە منداڵ بوو، سەردانی چەند دکتۆرەیەکی تایبەتمەندی ئافرەتانی کرد بەڵام بێ سوود بوو، تا ئەوەی ناونیشانی دکتۆرێکی میسرییان پێدا کە لە بەغدا دادەنیشت، و گوایە دەتوانێ هۆکارەکانی منداڵ نەبوون دەستنیشان بکات و چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، ئەوەبوو بۆ ئەم مەبەستە عەزیز بڕیاری دا لەگەڵ روقیەدا بچێتە بەغدا بۆ چارەسەرکردنی هۆکارەکانی منداڵ نەبوونی ژنەکەی، هەرچەندە ژنەکەی پێیخۆش نەبوو هاوڕێ لەگەڵ پیاوەکەیدا و بۆ ئەو مەبەستە سەفەری بەغدا بکات، چونکە لەوە دەترسا عەزیز ژنی بەسەر بێنێت ئەگەر دەرکەوێت هۆکاری منداڵ نەبوونەکەیان روقیە خۆیەتی، بەڵام عەزیز بە زۆر روقیە دەبات و بەرەو بەغدای پایتەخت وەڕێ دەکەوون کە ئەو سەردەمە رژێمی بەعس لە دەسەڵاتدابوو ئەوکاتەی دەچنە لای پزیشکەکە بەهۆی قەرەباڵغی و جەنجاڵییەوە نۆرەیان بەرناکەوێت و سکرتێری دکتۆرەکە پێیان دەڵێت بڕۆن سبەی ئێوارێ وەرنەوە، جا بە حوکمی ئەوەی ئەمانیش هەرچەندە خۆیان عارەبی موسڵاوین بەڵام لە شاری بەغدا غەریبەن و کەس ناناسن بۆیە شەوەکەی دەچنە یەکێك لە ئۆتێلەکانی سەنتەری شار و ژوورێکی تایبەت بەخۆیان دەگرن، جا چونکە نرخی ئەو ئۆتێلە هەرزان بەها بوو هەموو کەسێك رووی تێدەکرد.

ئیتر بەم چەشنە عەزیز و روقیەش ئەو شەوە لەو ئوتێلەدا لەنگەریان گرت، و بێ خەم هەردووکیان لەپاڵ یەکتردا خەویان لێ دەکەوێت، بەڵام لە نیوەشەودا روقیە بە مەبەستی چوونە توالێت لە ژوورەکە دەچێتە دەرەوە، جا دوای ئەوەی لە توالێت دەگەڕێتەوە لە جیاتی ئەوەی بچێتە ژووری ژمارە"٥" پێنجەوە، کە ژوورەکەی خۆی و پیاوەکەی بوو، کەچی لێی هەڵە دەبێ و دەچێتە ژووری ژمارە"٨"هەشتەوە، کە ئەو ژوورەشی تەنیا پیاوێکی زگورتی تیایدا خەوتبوو، یەکسەرە روقیە بە چاوی خەواڵووەوە لە تەنیشت ئەو کابرایەوە لێی رادەکشێت، کە بەیانی دەمەو مەلا بانگدان عەزیز وەخەبەر دێت دەبینێ ژنەکەی لەسەر جێگاکە نەماوە، هەر زوو خۆی کۆ دەکاتەوە و دەچێتە لای بەرپرسی ئیدارەی هۆتێلەکە و دەڵێت ژنەکەم دیار نەماوە، ئیتر هەموو ژوورەکان بەدوایدا دەگەڕێن تا ئەوەی لە هۆدەی ژمارە "٨" هەشتدا دەیدۆزنەوە، ئا لە وساتەدا عەزیز ئاگر لە چاوەکانی دەبارێ و بە شەق و پێلاقە وەردەگەڕێتە گیانی ئەو ژنە داماوە، و لەگەڵ ئەوکابرایەشدا بەشەڕ دێت کە لەو ژوورە خەوتووە، وپێیان دەڵێت ئێوە بە مەبەستی کاری خراپ دەستتان تێکەڵ کردووە، روقیەش زۆر دەگرێ و دەپاڕێتەوە، کە ئەو هەڵەیەی کردووە و ژوورەکانی لێ تێکچووە بەڵام عەزیز باوەڕ ناکات و هەراوهۆریایەکی زۆر دروست دەکات بۆیە بەرپرسی ئیدارەی هۆتێلەکەش لەرقدا خۆی و ژنەکەی وەدەردەنێت و دەڵێت جارێکی تر نەیەنەوە ئێرە و کێشەمان بۆ ساز مەکەن، عەزیزیش کە پێیوایە روقیە خیانەتی لێ کردووە لە داخان دەڵێت من هەر ئێستا دەگەڕێمەوە موسڵ و ناچمە لای هیچ دکتۆرێك، چونکە من منداڵم لە ژنێکی داوێن پیسی وەك تۆ ناوێ، ئا بەم شێوەیە عەزیزی دڵپیس لەگەڵ روقیەی ژنیدا بێ ئەوەی سەردانی پزیشکەکە بکەن دەگەڕێنەوە ماڵ.... ئیتر عەزیز لە جاران پتر ئەزیەت و ئازاری ئەو ژنە داماوە دەدات، و بە هیچ شێوەیەك سەرجێیی لەگەڵدا ناکات، کەچی دوای پێنج

**روقیە تەنیا لەپای گرەوێکی دۆڕاوی باوکی، دوور لە ویست و ئیرادەی خۆی بە عەزیز دەدرێ**

مانگ لەگەڕانەوەیان لە بەغدا، ژنەکەی واتە"روقیە" هەست دەکات حەملی هەیە، و یەکسەرە ئەو موژدە خۆشە بە عەزیز رادەگەیەنێ وەك ئەوەی بیەوێ بەو بۆنەیەوە لەگەڵیدا ئاشتیش بێتەوە، بەڵام ئەم هەواڵە نەك پەیامی ئاشتبوونەوە ناهێنێ، بەڵکو رقەکانی عەزیز ئەستووتر دەکات بەرامبەر روقیە و پێی دەڵێت هەزار نەفرەت لەخۆت و منداڵەکەی ناو سکت کە چۆن دەزانم بیژییە و حاشا لەمن نییە، بۆیە روقیە بەهیچ شێوەیەك ناتوانم تۆی حامیلی منداڵێکی بیژی لەم حاڵەدا ببینم، جا یان ئەوەتا سێ بەسێ تەڵاقت دەدەم، یان دەبێ لای کەسێك ئەو منداڵەی نێو هەناوت لەبار بەریت هەرچەندە روقیە دەپاڕێتەوە و دەگریێت و دەڵێت پیاوەکە خودا بناسە بە هەزار قورئان من جگە لەتۆ لەشی هیچ پیاوێکی تر بەر لەشم نەکەوتووە و ئەم منداڵەش لەخۆتە و خودا وەك دیارییەك پێمانی بەخشیوە، ئاخر گوناە و تاوانە و ئێمە دەبینە قاتیل ئەگەر ئەم منداڵە بێ تاوانە لەناو بەرین، بەڵام عەزیز هەر سوور دەبێت لەسەر قسەکانی، بۆیە روقیەش بەناچاری لای دکتۆرەیەکی شارەزا منداڵەکەی لەبار دەبات.

**تەڵاقدانی روقیە... خوێنڕژان و کارەسات**

دوای ئەوەی روقیە منداڵەکەی لەبار برد ئیتر شەڕ و ئاژاوەی نێوان خۆی و مێردەکەی قوڵ و سەختتر بووەوە، و بە جارێك ژیان لەوماڵەدا بووە ژەهری مار، تا ئەوەی لە ئاکامدا عەزیز سێ بەسێ روقیەی تەڵاقدا، ئیتر ئەو ژنەش بەناچاری گەڕایەوە ماڵی باوکی ئەوە بوو دوای حەوت مانگ لە تەڵاقدانی، عەزیز پەشیمان بووەوە لەو بڕیارە هەڵەیەی کە دابووی، بۆیە جارێکی تر خزم و کەسی خۆی رەوانەی لای فەلاحی باوکی روقیە کردەوە، تاکو چارەسەرێکی باشیان بۆ بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر روقیەخان بگەڕێتەوە ژێر نیکاحی خۆی، بەڵام فەلاح بە خزم و کەس و کاری عەزیزی گوتبوو، تاکو کچەکەی مێرد بە پیاوێکی تر نەکاتەوە بەپێی شەرع ناتوانێ بگەڕێتەوە لای عەزیز، ئیتر بەم پێیە، روقیە بۆ جاری دووەم مێردی بە پیاوێکی ٢٥ساڵ بە تەمەن لە خۆی گەورەتر کرد بەناوی عوسمان، لەبەر هەندێش شووی بەو پیاوە بەتەمەنە کرد تاکو بە زووترین کات تەڵاقی بدات، تاکو جارێکی تر بەپێی شەرع حەڵاڵ بێتەوە بۆ مێردی یەکەمی کە عەزیزە، بەڵام ئەو عوسمانە ئەوەندە دڵی بە روقیە خۆش بوو نیاز نەبوو قەت تەڵاقی بدات، عوسمان لە رادەبەدەر ئەو ژنەی خۆش دەویست و رۆژێ سەد جار خۆی بەقوربانی دەکرد و هەرگیز لە هیچ شتێکدا بێ دڵی نەدەکرد، ئا بەم شێوەیە هاوسەرگیری ئەم دووانە شەش مانگی خایاند و روقیەش لەم پیاوە کەوتە حاڵەتی دووگیانییەوە، لەو لاوەش عەزیز هەر چاوەڕوان بوو کە ئەمڕۆ و سبەی عوسمان، روقیە تەڵاقبدات تاکو ئەم بۆ جاری دووەم بێخوازێتەوە، بەڵام عوسمان دەیگوت ژن ژنی خۆمە و بەپێی شەرع و یاسا کەس بۆی نییە گوشارم بخاتە سەر تا تەڵاقی بدەم، عەزیز با بۆخۆی پیاو بوایە و ئەم ناسك و نازدارەی تەڵاق نەدایە، وەڵڵاهی مەگەر خوێنم بڕێژرێ ئەگینا من دەستبەرداری ژنی خۆم نابم، بەڵکو چاوەڕێی ئەو جگەرگۆشەیەمم کە ئێستا بەڕێوەیە و بەقەد هەموو دونیا دڵم پێی خۆشە.

**دڵپیسی عەزیز وایکرد روقیە منداڵەکەی سکی لەبارببا و پاشان تەڵاقیش بدرێ**

جا کە ئەم قسانەی عوسمان و هەواڵی دووگیانبوونی روقیە گەیشتەوە عەزیز ئیتر بە جارێك ئەم پیاوە شێت بوو، چەند کەڕەت هەڕەشە وگوڕەشەی بۆ عوسمان و روقیە دەنارد بەڵام ئەوان حیسابیان بۆ نەدەکرد و گاڵتەیان پێدەهات هەروەها روقیەش گوتبووی ژیانم لای ئەم پیاوە خۆشترە و جارێکی تر ناگەڕێمەوە لای عەزیز کە سوکایەتیم پێ بکات، هەموو ئەمانە وایانکرد جامی تەحەمولی عەزیز لێی بڕژێ و بڕیارێکی هەڵە و سەرشێتانە بدات بۆ کوشتنی هەردووکیان، ئەوە بوو لە شەوی چوار لە سەرپێنجی مانگی دوانزەی ساڵی ٢٠٠٢واتە لە شەوی چوارشەمەدا عەزیز و ئامۆزایەکی بەناوی خالید هەڵدەکوتنە سەر ماڵی عوسمان و روقیە و دوای ئەوەی بە تەورێك هەردووکیان دەکوژن پاشان مەتارەیەك نەوتیشیان بەسەردادەکەن و دەیانسووتێنن، و هەر ئەو شەوەش عەزیزی تاوانبار هەڵدێت بەرە و ماڵێکی خزمی خۆی لەناو موسڵ و لەگەڵ گەردی بەیانیشدا بەرەو شوێنێکی نادیار موسڵ بەجێ دەهێڵێ، بەڵام خالیدی ئامۆزای کە تەمەنی ٢٦ساڵ دەبێ، دەچێتەوە ماڵەکەی خۆی، جا دوای ئەوەی پۆلیس دەست دەکات بە لێکۆڵینەوە خالید دەستگیر دەکرێ، و لە ژێر لێدان و ئەشکەنجەدا دان بەو تاوانەدا دەنێت کە خۆی و عەزیز ئەنجامیانداوە.

**بڕیاری دادگا**

دادگای جینایەت دوای وردبوونەوە لە شێوازی ئەنجامدانی تاوانەکە و پیلانڕێژی پێشوەختە بۆ سەرگرتنی ئەو تاوانە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی یارمەتیدانی خالید بۆ دادگاو ئاشکراکردنی نهێنییەکان، دادگا بڕیاری زیندانیکردني تامردنی بەسەر خالید و سزای لەسێدارەدانی غیابیشی بەسەر عەزیزی هەڵاتوودا سەپاند، بەڵام دوای تەمییزکردنەوەی بڕیارەکەی دادگای جینایەت، دادگای تەمییز داوای کرد دەبێ خالیدیش توندترین سزا بدرێ بەوەی بەدەستی خۆی ژنێکی حامیلی کوشتووە، بۆیە ئەمجارەیان دادگای جینایەت هەر بەپێی مادەی٤٠٦ لە یاسای سزادان بڕیاری لەسێدارەدانی خالیدیشی دەرکرد، ئەوە بوو پاش مانگێك حوکمەکەی خالید جێبەجێ کرا و عەزیزی تاوانباریش لەدەستی عەدالەت بەرەو سوریا هەڵات.

